هەموو منداڵێک بارمتەی گوێزەبانەکەیەتی، لە ڕۆژی حەوتەمی لەدایکبوونی بۆی سەردەبڕدرێت، وناوی دەنرێت، وسەری دەتاشرێت

لە سەمورەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەموو منداڵێک بارمتەی گوێزەبانەکەیەتی*، لە ڕۆژی حەوتەمی لەدایکبوونی بۆی سەردەبڕدرێت، وناوی دەنرێت، وسەری (قژی) دەتاشرێت». *(گوێزەبانە: واتە عەقیقە، ومەڕە منداڵیشی پێ دەووترێت))

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرمـوودەیەدا پێغەمبـەر -صـلى اللـه عليـه وسـلم- هەواڵی ئـەوە دەدات کـە منـداڵی لەدایکبـوو بەسـتراوەتەوە وبارمتەیە هەتا گوێزەبانەی بۆ* دەکرێت لە ڕۆژی حەوتەمی تەمەنیدا، وسونەتە لەو ڕۆژەدا ناوی بنرێت، وسەری بتاشرێت، وسەر تاشین تایبەت بە منداڵی لەدایکبووی کور. *(بۆ: مەبەست لە جیاتی وبەناوی منداڵەکەوە ئەم قوربانیە دەکرێت، نەک بۆ منداڵەکە سەر ببڕێت چونکە قوربانی کردن تەنها لە پێناو خوای گەورە دەبێت سەر ببڕێت وئەم گوێزەبانەیە پەرستنە وئاژەڵەکە دەکرێتە خێر وقوربانی لە پێناو خوای گەورە بۆ ئەوەی ئەو منداڵە لە بارمتەیی نەمێنێت وببێتە هۆکارێکی هێنانی خێر بۆ ئەو خێزانە)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/64668